# Teaching curriculum
# Fourth stage
# 2024-2023

## وانەی سێیەم

# پێکهێنەرەکانی بەرنامەی خوێندن بە چەمکە نوێیەکەی:

1. **یەکەم:** ئاما نجە پەروەردەیی و رەفتاریەکان.
2. **دووەم:** ناوەرۆك و شارەزاییە فێرکارییەکان.
3. **سێ یەم:** رێگاکانی وانەووتنەوەو تەکنەلۆژیای پەروەردەیی.
4. **چوارەم :** هەڵسەنگاندن.

ئەو چوار توخمە وەك سیستەمێکی چوارینە لێکدراوە جیاواز نین بەڵك و گشتیان تەواوکەری یەکترین بە جۆرێك ئەگەر یەکێکیان گۆڕا کار لە هەموو پێکهێنەرەکانی تر دەکات.

# یەکەم : ئامانجە پەروەردەیی و رەفتاریەکان:

ئامانجەکان خاڵی سەرەتان لە پرۆسەکانی خوێندندا,چ لە کاتی پلان دانان یان هەڵبژاردنی شارەزاییەکان بۆ یاخود لە ئاستی جێبەجێکردن بۆ,وە ئامانجی پەروەردەیی بەوە دەناسرێ (کە ئەنجامی کۆتایی پرۆسەی پەروەردەییە ,وە هەروەها لەبەر ئەو مەبەستەشە قوتابخانە دامەزرا ) یان

ئەو ئەنجامانەی بەرنامە هەوڵی فێربوونی دەدا بۆ هێنانە دیان.

یان

وەسفکردنی ئەو گۆڕانە ڕەفتارییانەیە کە بەرنامە هەوڵدەدات لای فێرخواز رووبدات.

# ئاستەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان:

1. ئامانجە پەروەردەیە گشتیەکان ( الاهداف التربوية العامة )
2. ئامانجە قۆناغیەکان
3. ئامانجە رەفتارییەکان

## 1. ئامانجە پەروەردەیە گشتیەکان (الاهداف التربویة العامة):

ئەم جۆرە ئامانجانە لە رۆشنبیری و فەلسەفەی کۆمەڵگاو دەوڵەتەوە وەردەگیرێت,ئەم ئامانجانە بە سیمای روتەڵی دەناسرێن ,وەسالانێکی زۆریان پێویستە بۆ هێنانەدیان ,سەرەرای ئەوەش بەدیهێنانیان هەول و کۆشش و ماندووبوونێکی زۆرو بەردەوام هاوکاری کردنی هەموو دامەزراوە کۆمەلایەتی و فەرمیەکانی دەوێت لەگەڵ قوتابخانە,وە ئەو ئامانجانە نابێ بن بە ئامانجێکی قۆناغی فێرکاری, یا بۆ بابەتێکی سنوردراو,بەلام شێوەیەکی گشتیە لە کاتی دیاری کردنی ئامانجەکانی تردا پەنای بۆ دەبردرێت (بەکاردەهێنرێت) , وەکو یارمەتی دانی فێرخوازان بۆ بەکارهێنانی بیرکردنەوەی زانستی لە شیکارکردنی کتێبەکان.

## 2- ئامانجە قۆناغیەکان:

ئەم ئامانجانە لە ئامانجە گشتیەکانەوە وەردەگیرێت ,وە ئەم ئاستەی ئامانج بە شێوەیەکی گشتی وەسفی ئامانجەکانی فێرکردن دەکات بۆ هەر قۆناغێك و بەرنامەیەك ,وە ئەم جۆرە ئامانجە زۆر روونترو دیاریکراوترە لە ئامانجە گشتیەکان ,وەك ) پێدانی راستەقینەکان و چەمکە زانستیەکان ) .

## 3- ئامانجە رەفتارییەکان :

ئەم ئامانجە لە ئامانجە قۆناغیەکانەوە وەردەگیرێت, بەلاّم زۆر روونترە لە ئامانجە قۆناغیەکان, وە لەسیفەتەکانی ئەوەیە کە مەودای کورتترەو چالاکیە فێرکاریەکان لای فێرخوازن دەگرێتەوە وە بەمەبەستی هاتنە دی لای فێرخوازان, هەروەها بە ئاسانی تێبینی دەکرێت و دەپێورێت, تاییەتیشن بە هەموو بابەت و وانەیەك و هەموو جۆرێکی زانستەکان وەك فێرخواز ئەندامەکانی دەزگای هەناسەدانی مرۆڤ بژمێرێت, ژمارە رێژەییەکان لە کۆمەڵەی ژمارە راستەقینەکاندا دیاری بکان, یا فێرخواز جیاوازی بکات لە نێوان ناو کردار یان ناو هاوەڵناو.

# مەرجەکانی ئامانجی رەفتاری:

1. ئامانجی رەفتاری دەبێ دیاریکراو روونبێ, چونکە ئەگەر ئامانج روون نەبێ ئەوا دەبێتە هۆی جیاوازی ڕاڤە (تفسیر) کردن.
2. دەبێت بە ئاسانی تێبینی بکرێت لە خودی خۆیداو لە ئامانجەکانیدا.
3. بتوانرێت پێوانە بکرێت ,واتە بتوانرێت مەودای فێربوونی فێرخواز بپێورێت.
4. ئامانج لەسەر بنەمای ئاستی فێرخواز دیاری بکرێت چونکە فێرخواز تەوەرەی پرۆسەی فێرکاریە.
5. لە ئەنجامدا دەبێ نزمترین ئاستی فێربوون بەدی بکرێت, جا چ بە ڕیگای چۆنیەتی بێت یا چ بەرێگای چەندێتی.
6. لە ئامانج دەبێ کەمترین کاری رەفتاری تێدا بێت کە ئاماژە بکات بۆ جۆرێك لە ڕەفتار و ئاستێکی دیاریکراو کە پێویستە فێرخواز جێ بەجێ ی بکات.

# گرینگی ئامانجە فێرکاری و پەروەردەییەکان:

1. ئامانجەکان خاڵی دەست پێکردنن لە پلان دانان ,بۆ کاری پەروەردەی جا بۆ مەودای نزیك بێت یا مەودای دووربێت.
2. ئامانج وەك رابەریکە بۆ مامۆستا لە پرۆسەی وانەووتنەوە.
3. ئامانج یارمەتی دانانی پرسیارەکان دەدات بۆ ئەزمونە لە بارەکان.
4. ئامانج وەك چوارچێوەیەکە بۆ دابەشکردنی ناوەرۆك بەچەند بەشێکی بچووك.
5. ئامانج یارمەتی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی فێرکاری دەدات .
6. ئاماژە بۆ جۆری ئەو چالاکیانە دەکات ,کە پێویستن بۆ بەدیهێنانی فێربوونی سەرکەوتوو.
7. ئامانجەکان ئەو پێوەرە لە بارانەن بۆ هەڵبژاردنی باشترین رێگای وانەووتنەوە.

# سەرچاوەکانی وەرگرتنی ئاما نجە فێرکاریەکان:

1. فەلسەفەی کۆمەڵگاو پەروەردە وەك سەرچاوەیەك بۆ ئاما نجەکان
2. سروشتی فێرخواز وەك سەرچاوەیەك بۆ ئاما نجەکان
3. ژیان و ژینگەی خۆجێی وەك سەرچاوەیەك بۆ ئاما نجەکان
4. ماددەی خوێندن وەك سەرچاوەیەك بۆ ئاما نجەکان
5. سایکۆلۆجیای فێربوون وەك سەرچاوەیەك بۆ فێربوونی ئاما نجەکان

1. فەلسەفەی کۆمەڵگاو پەروەردە وەك سەرچاوەیەك بۆ ئامانجەکان؛

ئەم فەلسەفەیە کانگەیەکە بۆ ڕێکخستنەوەو یەك خستنەوەی ئامانجەکان لە سەرچاوەکانی تردا, چونکە فەلسەفەی پەروەردە ئاوەڕۆوی فەلسەفەی کۆمەڵگایە ,هەر لەبەر ئەوەیە جیاوازی بەدی دەکرێت.لە ئامانجە پەروەردەیەکانی چەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز بە هۆی جیاوازی فەلسەفەکەیان.

## 2- سروشتی فێرخواز وەك سەرچاوەیەك بۆ ئاما نجەکان؛

هەرچەندە بەرنامە فەلسەفەی کۆمەڵگا و بارودۆخەکەی بە هەند وەردەگرێ,بەلاّم لە هەمان کاتدا سروشتی فێرخوازانیش بەهەند وەردەگرێ,چونکە فێرخوازانیش لە کۆمەڵگا کاردەکەن و هەردووکیان تەواوکەری یەکترن,وەئەگەر بێت فێرکردن بە سادەترین (بچوکترین)مانای گۆرین راستکردنەوەی رەفتار بێت ئەوا ئەم گۆرینە لە بۆشاییەوە نەهاتووە بەڵکو لە ناو خودی فێرخوازەوە دێت ,ئەگەر بارودۆخی لەباریان بۆ ئامادەکرد.

## 3- ژیان و ژینگەی خۆجێی وەك سەرچاوەیەك بۆ ئاما نجەكان؛

بێگومان ژیان و ژینگە گەشەی كردووە وەهەروەها جۆراوجۆر بوون بە شێوەیەك كە نموونەیان لە پێشتردا نەبینراوە ,وەشوێنەوارەكانی پێشكەوتنی زانستی و تەكنەلۆجیا لە زۆر بوارو مەیداندا ئاشكرایە ,بۆیە كاری دەستنیشانكردنی ئەو زانیاری زانستانە ئاسان نیە ,لەبەرئەوەی ئەم زانیاریانە شیكردنەوەیان بۆ دەكرێ بە گوێرەی **پێداویستیەكان و ئارەزووی تایبەت و مەیلەكانی تاكایەتی,**

## 4- ماددەی خوێندن وەك سەرچاوەیەك بۆ ئامانجەكان؛

ماددەی خوێندن تاوەكو ئێستاش لە زۆربەی بەرنامەكاندا بە سەرچاوەیەكی بنەرەتی دادەنرێت بۆ دیاریكردنی ئامانجەكانی فێركردن, رەنگەئەوەش بە هۆی دیزاین كردنی بەرنامەبێت لە لایەن چەند پسپۆرێك لەم ماددانە,چونكە هەریەك لەم پسپۆرانە بابەتەكە (ماددەكە)دییزاین دەكات بە جۆرێك فێرخواز ببێ بە پسپۆر لە هەمان بابەت ,واتە هەریەك لەم پسپۆرانە بایەخ دەدات بە ماددەی خۆی.

## 5- سایکۆلۆجیای فێربوون وەك سەرچاوەیەك بۆ فێربوونی ئاما نجەکان:

ئەوەی هیچ گومانی تێدا نیە پەنا بردنە بۆ زانستی دەروونی لە بواری فێرکاری دا ,کارێکی گرینگە زانینی یان تێگەیشتن لە سایکۆلۆجیای فێرخوازان بە کەڵکی سروشتی فێربوون دێت هەر لەبەر ئەوەش پێویست دەکات لە بەرچاو بگیرێت لە دیاریکردنی ئاما نجە پەروەردەیەکاندا ,بۆ نموونە فێرخوازان لە تواناکانیان و ئامادەییاندا وەك یەك نین ئەمەش وادەکات کەلەدیاری کردنی ئاما نجەکاندا ڕەچاوی جیاوازیە تاکایەتیەکان بکەین لە نێوان فێرخوازاندا.

## دووەم :ناوەڕۆك و شارەزاییەكانی فێركاری :
## ناوەڕۆك:

ناوەرۆك بەوە پێناسە دەكرێ (كە ئەو زانیاری ( معریفە )یە كە بەرنامەی خوێندن بە شێوە جۆراو جۆرەكانیەوە پێشكەشی دەكات.

یان

ئەو بابەتانەیە كە بابەتێكی خوێندنی دیاری كراو لە خۆ دەگرێ

یان

ئەو تاقیكردنەوە زیندوییە كە فێرخواز پێیدا تێپەڕ دەبێ لە چەند هەڵوێستێكی جۆراو جۆر

- بڕیاردراو بۆ خوێندن و پەرتوکەکان کۆڵەکەی بنەرەتین لە کۆڵکەکانی بەرنامەی خوێندن ,وە ئەگەر پەروەردە بانگەواز دەکات کە تەنیا پشت بەوانەکانی بەرنامەی خوێندن نەبەستێ ,ئەوە بایەخ نەدانەو کەم کردنەوەی گرینگی زانیاری نیە کە بنەمای هەموو پێشکەوتنێکی رۆشنبیریە لەبەر ئەوە,
- پێویستە بە پێی بنەماو پێوەرێکی پەروەدەیی رێك بخرێت کە پەروەردەی کۆن بایەخی پێنەدەدا ,لە پێشەوەی ئەوانە هەمووی پێویستە پەیوەندیەکی بە تینی هەبێت بە ژیانی فێرخوازانەوە لەگەڵ ئاست و داخوازیەکانی گەشەکردنیان بگونجێ ,هەروەها لە گەڵ کۆمەڵگاو پێداویستسەکانی بگونجێ ,

لەبەر ئەو خاڵانە پێویستە بایەخ بە

1- دانانی پەرتوکەکانی قوتابخانە بدرێت

2- وە پێویستە بە دوای یەك داهاتن و بەردەوامی تەواوکاری تێدا بەدی بکرێت و

3- لە باریش بێت بۆ ئاستی فێرخوازان

4- بایەخ بدا بە پەیوەندی نێوان قوتابخانەو کۆمەڵگا.

پ // ئەو پێویستە پەروەردەییانە چین کە پێویستە لە پەرتووك و بڕیاردراو بۆ خوێندن دا هەبن؟

پ // ئەگەرهاتوو پەرتووك و بڕیاردراو بۆ خوێندن پەیوەندیەکی بەتینی بە ژیانی فێرخوازانەوە هەبێت لەگەڵ گەشەو پێداویستیەکانی فێرخوازان و کۆمەڵگا بگونجێ پێویستە بایەخ بە چی بدرێت؟

# پێوەرەکانی دەست نیشانکردنی ناوەڕۆکی بەرنامەی خوێندن(شارەزاییە پەروەردەییەکان)

بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆك هەندێك لە پێوەر هەن کە پێویستە پەیڕەو بکرێت:

1. پێویستە ناوەڕۆك بە ئامانجەکانەوە پەیوەست بێت و ئاوێنەی ئەوانە بێت تاوەك و بتوانرێ بهێنرێتە دی.
2. پێویستە ناوەڕۆك گرینگی هەبێت و نیشانەی ڕاستگۆی تێدا بەدی بکرێ,واتا زانیاریەکان لە رووی زانستیەوە نوێ و دروست بێت ,هەروەها بۆ بابەتەکەش بنەڕەتین و شیاوی ئەوە بن کە لە بوارو هەلوێستی جۆراو جۆر جێبەجێ بکرێت,وە ناوەڕۆك بە ڕاستگۆ دادەنرێت ئەگەر هاتوو توانای ئەوەی هەبێت گیانی ( ناخی )مادده زانستیەکان بگێنێتە فێرخوازو توانای توێژینەوەی پێ ببەخشێت ,وەهەروەها گرینگی هەبێت بۆ فێرخوازوو کۆمەلگا.

3. پێویستە ناوەرۆك بۆ ئاست و باری كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری فێرخواز لە باربێت و لە كاتی دەست نیشانكردنی ئەو بابەتانە دیاری بكرێت كە لە ژیانی فێرخوازان بنەرەتین ,واتا ئەوەی بۆ ئێستاو داهاتوویان پێویستە ,ئەوەش بە جۆرێك بێت كە تواناى مامەڵەكردنیان هەبێت لەگەڵ ئەو رووبەرووبونەوانەی توشیان دەبێت.

4. دەبێت ناوەڕۆك لە (سەرانسەر بوون وقوڵیدا هاوسەنگ بێت, بە واتای ئەوەی ئەو بوارانەی ناوەڕۆك لە خۆیان دەگرێت بەس بن بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی روونمان لە بارەی ماددەکە پێ بدات و بنەرەتیەکانی ماددە زانستیەکەی تێدا بێت, وەك (بنەماکان,چەمکەکان,بیرۆکە بنەرەتیەکان,بوارەکانی جێ بەجێ کردن).

5. پێویستە ناوەڕۆك (ئارەزوو,توانا,شارەزایە پێویستیەکانی فێرخوازان ڕەچاو بکات بە جۆرێك بۆ توانای مێشکی و جەستەی و قۆناغی گەشەیان لە باربێت.